*Kongreya Neteweyî ya Kurdistanê*
*Kurdistan National Congress*
*Congrès National du Kurdistan*
**کۆنگرەی نەتەوەیی کوردستان**

KNK

*Rue Jean Stas 41, 1060 Bruxelles Tel: 00 32 2 647 30 84 Homepage:* www.kongrakurdistan.net *E-Mail:* kongrakurdistan@gmail.com

## بۆ سەرکردایەتی یەکێتی نیشتمانیی کوردستان

دوێنێ، (2023.09.18) لە سلێمانی لە فڕۆکەخانەی عەربەت هێزەکانی دژەتیرۆر کرانە ئامانجی هێزە ئاسمانییەکانی دەوڵەتی تورکیا. لە ئەنجامی هێرشەکاندا 3 پێشمەرگە شەهید بوون و 3 پێشمەرگەی دیکەش بریندار بوون. ئەو هێرشە بە تەنیا بۆسەر یەکێتی نیشتمانی کوردستان نییە، بەڵکو هێرشە بۆسەر کوردستان و هەموو گەلی کورد.

ئەو هێرشە دژی سەروەری هەرێمی کوردستان و دەوڵەتی عێراقە. چەندین ساڵە دەوڵەتی تورکیا سەروەری هەرێم و عێراق پێشێل دەکات. ئەم دۆخە لەهەمانکاتدا پێشلکردنی هەموو نۆرم و رێسا نێودەوڵەتییەکانیشە. هەروەها دژی مافەکانی مرۆڤە. ئەو هێرشانەی دەوڵەتی تورکیا بۆسەر گەلی کوردستان تاوانی شەڕ و تاوانی دژی مرۆڤایەتین. پێویستە رێگا لەو هێرشانەی دەوڵەتی تورکیا بگیرێت و تاوانباران سزا بدرێن. ئێمە بڕوامان وایە کە ئێوە بە وردی بەدوواداچوون بۆ دۆخەکە دەکەن. ئێمە وەک کۆنگرەی نەتەوەیی کوردستان بە هەموو شێوەیەک لەگەڵتانین و پشتگیریی سەرکردایەتی یەکێتی دەکەین.

بۆ هەموو ئەو شەهید و بریندارانە هاوخەمتانین و بە توندیش ئەو هێرشانە ریسواو شەرمەزار دەکەین. لە کەسێتی شەهیدانی فڕۆکەخانەی عەربەتدا هەموو شەهیدانی کوردستان بە شکۆوە بەبیردێنینەوە و سەری رێزیان بۆ دادەنەوێنین. سەرەخۆشی لە سەرکرایەتی، هەموو ئەندام و لایەنگرانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان و کەس و کاری شەهیدان و هەموو گەلی کوردستان دەکەین. هیوای هەرچی زووتر چاکبوونەوەش بۆ بریندارن دەخوازین.

سڵا و و رێز

**کۆنسەی بەڕێوەبەریی کۆنگرەی نەتەوەیی کوردستان**

**2323.09.19 بڕۆکسل**